# خوزگه كانمان ... له خاكيكى بى پيتا .....!؟

كه ژال اسماعيل
2005- 9 - 28
هولندا / دينهاخ

زورن روژه كانى ته مه ن به لام كه من ئه و روژانه ى خوزگه يه كيان تيدا وه به ر ديت ... زورن خوزگه كان ..

هيواكان ... خه ونه كان ... به لام كه من ئه و ساتا نه ى هيوايه ك يا خه ونيك ... چركه يه كى ته مه ن كورت خوى نيشانى خوازيك ئه دات .

خوزگه كانمان زورن له گه ل روژه كانى گه وره بوونا گه وره ئه بن ئاواته كانمان هه ر به لاوى ئه مرن و له كفنى بى ويژدانى ئه پيچرين و هه موو ته مه ن چاوه روانى خوزگه يه كين خويمان له و ديو سنوورى چاوه روانيه وه نيشان بدات .. نه به ته نها ووشه يه ك يا ديريك په شيمانى گوزارشمان بو ناكريت و له هه موو دايه لو گيكماندا ئه سه ف بو له حه زه كانى مناليمان ... لاويمان ... و گه وره بوونمان ئه بيته هه ناسه يه ك له ده روونى پر له ئازارو زولمى روژگاره وه ديته ده ر به سه ر فه نابوونا ئه گه ريت و سه فه ر بو رابردوو ئه كات .

كاتى منالين خوزگه كانمان وه كو سيمامان پرن له به رائه ت وه كو ته ماشاكانمان بى كينه ن .. وه كو دلمان ساف و بيگه ردن ، وه كو فرميسكه كانمان ته رن .. وورشه ى نيگاكانمان ده ر ئه خه ن ، وه ك گرويه ك به باوه شيكى نازو ماچيكى شيرين ژير ئه بنه وه .... و به ده نكى نووقل تير ئه بن ؟! له گه ل سه روو خوارى ديلانييه كدا له ياد ئه چن گه وره ئه بين روژ له دواى روژ خوزگه كانمان به قه د دلى خومان ، به قه د بالاى خومان گه وره ده بن ، ئه وسا گروو ناگرن نه به ته نها ووشه يه ك يا به باوه شيك له بيرمان كوچ ناكه ن !! گه وره ئه بين ... خوزگه كانمان ئه بنه ئيواره يه كى خور ئاوا بوون و چاوه روانى كرنووش بو عشقى ئه بات له ناو زيندانى دليكا ئارام بكريت ... شه ويك ئه شك باوه شينى ئه وساته حه زانه بكات بو چرپه يه ك ئه سووتين .

خوزگه ... ئه بيته چاوى گه شى مانگ و دلى گه رمى خور .. خوزگه ئه بيته سوجده يه ك له سه ر قيبله نوماى زه مه ن بو نويژيك ئه گه ريت له په نا به ردى حه وانه وه دا خه وتبى ، ئه بيته راستييه ك سيداره بو تاوانه كانى

مروف هه ل ئه خات ، ئه بيته خاچيك عاشقى بو له يلا هه لئه واسى به په رده ى شه رمى شوخيكا .

خوزگه ... ئه بيته دادگايه ك تاوانه كانى ميژوو ئه خوينيته وه ... ئه بيته گوولبكى په مه يى له سه ر گه رده لوولى قژيكى ئالوزاو هيلانه دروست ئه كات ، ئه بيته ده فته ريك هه رچى ووشه ى تا زه هه يه ئه ينيته ئه رشيفى فيكرى شاعيريكه وه ، ئه بى به شورشيك له به رده مى چيايه كا پشوو ئه دات ... به رووى زريانيكا هه لئه چيت و له سه ر به رمالى سه نگه ريك دوا شايه تمان بو خوا ئه هينيت !!

گه وره ئه بين .. خوزگه كانمان له گه ل خومان گه وره ئه بن ... له گه ل خومان ناموو ئه بن ، چه ن باران بباريت ره گيان به ناخى روحمانا رو ئه چيت ، چه ن خور تاو بسينيت خونچه يان له ناو گوولدانى زاكيره ماندا ره نگ ئه گريت ، خوزگه كانمان له گه ل نووسينى ره ش نووسيكا فرى ئه دريته زبل دانى بى ئاگايى ميژووه وه !؟؟

خوزگه كانمان له گه ل زريانى ياسايه كى ناهاوسه نگا ره وانه ى پوستى فه نابوون ئه كريت و ئه نريته به ريدى بى ويژدانييه وه وه كو خومان له ئه لبوومیكى داخراودا ئه نريته سه ر ره فه ى زه مه ن .

ئيمه ى گه وره خوزگه كانى منالیمان گروى بوكه شوشه يه ك و هه لماتيكى ئه گرت ، خوزگه كانى گه وره بوونمان گرووى دروست كردنى بووكه له يه ك و ده سرى ئه گرن تا توزى سه ر خوازه كانمانى پى بسرينه وه چه ند سال تيپه رى و خوزگه كانمان تووى بوون له سه خاكيكى بى پيت شين نه بوون .

ئيستاش هيواكانمان .. خه ونه كانمان .. ئاشناى شه وانى خوزگه كانمان بوون و پيكه وه هه موو شه ويك چيروكى بى ئاكامى زه مه نيك بو يه ك ده گيرنه وه .